# دونیای شێت و عاقڵەکان

کەژال ئیبراهیم خدر
Kazhal_3@hotmail.com



بەکۆڵانەکانی ژیاندا بگەڕێ
کام تەلاری زاکیرەی جوان هەیە بیبینە
لەکانیاوی عەقڵی مرۆڤدا خول بخۆ
کام ئاوی پاکی یادەوەری جوان هەیە
بزانە
ئەمە جێ پێی شێتەکانە
ئەو شێتانەی گوڵ دەخەنە
ئینجانەکانی ژیانەوە
ئەمەش هەنگاوی عاقڵەکانە
ئەو عاقڵانەی دونیا بەخوێن دادەپۆشن
تێ پەڕە ئازیزم تێ پەڕە
شێتەکان بەکوێدا ڕەتدەبن
تۆش لەوێوە تێ پەڕە
ئەوان نەلەگەڵ فریشتەکان شەڕیانەو
نە لەگەڵ مرۆڤ
ئەوان نە لەسەر کورسی خوێنی یەکتر دەڕێژن و
نەسامان مەحکومیان دەکات
ئەی شێت ترین ئادەم
لەم ڕێگایەوە تێ پەڕە
ڕێگەی ئەوان نەچاڵی قەهری عاقڵەکان و
نەتەڵەی ڕاوچییەکانی لێ یە
ڕێگەی ئەوان هەمیشە ڕەنگڕێژ کراوە
بە بەرائەت
ماڵەکانیان پڕ کراوە لە میهر
خودایە توگەورەیی خۆت
شێتم بکە
وەک ئەوانەی بەهەشتیان
بۆ دەخەیتە سەر پشت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێتم بکە هاوڕێم شێتم بکە وەک خۆت
تا ببمە بەخشندەترین ئادەم
من نامەوێ لەڕیزی ئەوانە ئەژمارد بکرێم
کەبەخوێن دونیا دادەپۆشن
کە بەچەقۆ سەری مرۆڤ دەبڕن
ئەوانەی جەستەی ژن دەخەنە
بەرنەفرەتی چەقۆ
چەندە جوانە دونیای شێتەکان
بێ کڕنوش بردنە بۆ پارە
بۆ ئاغا، بۆ مرۆڤ
ئەو کوڕە شێتانە ئەجووڵێ
شێت نی یە
لەگۆڤەندی مانگی هەنگوینی خۆی دا
جەللادە عاقڵەکانی بەعس
فریشتەی نێو بەهەشتی خێزانەکەیان
وەک کالآیەک بەتالآن برد
لەو ڕۆژەوە ئەو کوڕە خۆی لێ وون بووەو
شێتانە بەدوای خۆیدا وێڵە
ئەو کچە هاوڕێیەم شێت نی یە
خۆیو کتێب و قەڵەم و جانتاکەی
وەک نێچیر کەوتنە دەست ڕاوچیەکانی
لەزەتی دیکتاتۆر
قەڵەمەکەی سەربڕاو
کتێبەکانی لەخوێن گەوزاو
جانتاکەی پڕکرا لەئەشکی نامووس
جەستەی تیرۆکراو عەقڵی کوژرا
ئەو پیرەمێردە شێت نی یە
بەلآم تۆزی بیابانەکەی عەرعەرو
گردی دۆزەخی نوگرەسەلمان
عەقڵ و سۆزو ڕۆحیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**هەڵقرچاندووە**

**ئەو ژنەی من بینیم شێت نی یە**

**ئەوە لێشاوی هێزی ڕەشەبا**

**بەو هەموو قەهرو نەفرەتەوە**

**بەسوپاگەلێکی زۆرەوە**

**عەقڵیان دزیوە**

**هاوسەرەکەیو دووکۆرپەیان بۆ سەر بڕیوە**

**ئێمە تێناگەین کێ شێتە؟**

**عاقڵەکان کێن**

**کێن عاقڵەکان**

**ئەوەی مرۆڤ سەر دەبڕێ**

**ئەوەی جەستەی ژن ئەتک ئەکا**

**ئەوەی منالٚ ئەنفال ئەکا؟ !**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com